سودانی لەگەڵ شای ئوردن لە پەراوێزی بەشداریکردنیدا لە لوتکەی قاهیرە کەبووە



نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند:"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ شەممە لەگەڵ شای شانشینی هاشمیی ئوردن شا عەبدوڵای دووەم کوڕی ئەلحوسێن لە قاهیرەی پایتەختی میسر کەبووەوە لە پەراوێزی بەشداریکردندا لە لوتکەی قاهیرە بە ئاشتی لە پەناو تاوتوێکردنی پێشهاتەکانی ڕووداوەکانی خاکی فەڵەستینی داگیرکراو".

لە کەبوونەوەکەدا باس لە ڕەوشی هەرشەکانی زایۆنیستەکان بە سەر کەرتی غەزە کرا لەگەڵ ئەو بارودۆخە تراژیدیایەی کە خەڵکی فەڵەستینی برا تێیدا دەژین، بەهۆی بێئامانجکردنی خەڵکی سڤیل و نێخشانەکانەوە و کەمی پێداویستییە پزیشکی و مرۆییەکان.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر گرنگی کارکردن بە یەکخستنی هەوڵەکان لە پەناو ڕاگرتنی دوژمنکاری زایۆنیستەکان بە پێی دەستپێشخەرییەکەی عێراق و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم دوژمنکارییە و پێشکێشکردنی هاوکاری بە فەڵەستینییەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی سندوقێکی تایبەت بە خێیانەوە و پاراستنی مافەکانیان.